www.kurdistannet.org

25-7-2007 22:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

نامەیەکی کراوە بۆ ئاسایشی سلێمانی بەڕێز ... کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردوستان - کۆمیتەی سوید

سڵاو

دەست گیرکردنی تاوان بار (عەلە لوت ماسی) و گەیاندنی بە دادگای عادیلانە گەورەترین سەبوری وبەنرخ ترین سۆزو ڕێزە بۆ کەس و کاری شەهیدانی هەموو کوردوستان و بە تایبەت خانەوادەی شەهیدانی دەستی ئەم تاوان بارە.

بەڵام بڵاوبونەوەی ئازاد کردنی تاوان بار بە کەفالەت جێ ی نیگەرانی هەموانەو بە کارێکی نارەوا لە قەڵەم دەدرێ، بۆیە داواکارین لە ئاسایشی سلێمانی بەڕێز کە سنگی خۆیان کردۆتە قەڵغان بۆ پاراستنی سەرو ماڵی خەڵکی کاری وایان نەکردبێ، گەر کراویشە ئەو بڕیارە هەڵوەشێننەوەو لە ڕێگای دادگاوە کاری یاسایی بۆبکرێ، ئیمە دڵنییان کە هەموو گومان لێکراوێ هەقی ئەوەی هەیە بە کەفالەت ئازاد بکری بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، ئەوەی بۆ ئێمە جێ ی سەرەنجە ئەوەیە کە (عەلە لوت ماسی) بەبەرچاوی یەک وولاتەوەو بە شاهێدی هەموو خاڵکی شاری سلێمانی ودەورو بەرێوە گومان لێکراو نی یەو تاوان بارەو تاوانە کانیشی ئاشکرایە بۆیە ناکرێ و نابێ ئاسایش کەفالەتی ئازاد کردنی قبوڵ بکات.

داواتان لێ ئەکەین ڕونکردنەوەی خۆتان بدەن بۆ کۆمەڵانی خەڵک.

... کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردوستان

... کۆمیتەی---- سوید

... یەتۆبۆری 2007-7-24

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.